سەرۆک وەزیران فەرمانی نوێکردنەوەی ستراتیژی نیشتمانی بە وزە دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر پلانەکانی وەزارەتی کارەبا و دەسپێی ستراتیژی نیشتمانی بە وزە بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیرانی کارەبا و نەوت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە

سەرۆک وەزیران فەرمانی پێکهێنانی تیمێکی پسپۆڕی کرد لە وەزارەتەکانی پلاندانان و کارەبا و نەوت و دارایی و دەستەی ڕاوێژکاران بە نوێکردنەوەی بەپێلەی ستراتیژی نیشتمانی بە وزەی یەکخراو لەسەر بنەمای پەداچوونەوە بە دەسپێی وزە و ئەوەی عێراق پێویستی پێیەتی لەسەر ئاستی وزەی بەرهەمهێنراو و وزەی سووتەمەنی، هاوکات بە ئەوەی دەنیابن لە بەردەوامی دارایی کردنی پرۆژەکانی وزە بە ڕێگریکردن لە دواخستن یان ڕاگرتنیان.

سەرۆک وەزیران جەختی لە پێویستی ڕێچاوکردنی نوێکردنەوەی ستراتیژی یەکخستنی پرۆژەکانی وزە لەگەڵ یەکتردا کردەوە بەجۆرێک کە سەرچاوەی دەستەبەرکردنی غاز دابین بکات بە کارپێکردنی وەستگەکانی کارەبای غاز دوای تەواوبوونی، هەروەها بڕی گواستنەوەی غاز بەردەست بێت لەکاتی تەواوبوونی

بەرهەمهێناندا لە کێڵگە نەوتییەکان و وەستگەکانی کارەبا یەیش بەردەستن بە ئەوەی سوودی لێی وەربگرن.

سودانی جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی لێبەرچاوگرتنی ئەو ستراتیژییەی کە دەبێت دەوڵەت بیگرێتەبەر بە کەمکردنەوەی بارگرانییەکانی دەسیەی وزە لەسەر بودجەی دەوڵەت و بەزیان داوای لە تیمی پێیوەندیدار کرد هاپەرتی خێی پشکش بکات بە نوێکردنەوەی ستراتیژییەکە دوای هاوژکردن لەگەڵ وەزارەتە پێیوەندیدارەکان و هاوژکاری وەزارەتی پلاندانان کەمپانیای KBR و لە کێبوونەوەکەدا تاوتوێی یەکلاکردنەوەی ئەو بڕیانە کرا، کە غازی بەرهەمهێنراوی وەستگەکانی غاز دەگوازنەوە، بەتایبەتی لە ماوەی شەش مانگدا غاز لە ڕژئاوای قورنا بەرهەم دەهێنرێت و پێویستی بە کارکردن هەیە بە بەکارهێنانی ئەو بڕییەی گواستنەوە بە تەنی گواستنەوەی غازی نیشتمانی.

لە کێبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر دەسیەی کەکردنەوەی پاری کارەبا و بەدواداچوون بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە کرا کە لە کێبوونەوەکانی پێشوودا لەو بارەوە دەرچوون.

هەروەها ژمارەیەک بریکار و بەڕێوەبەرانی گشتی لە وەزارەتەکانی کارەبا و نەوت و دارایی و پلاندانان و ژمارەیەک هاوژکاری سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی کێبوونەوەکە بوون.